# جیاوازی ڕۆژی عاشورا لەنێوان شیعەکان وئەهلی سوننەت وجەماعەت

[ kurdish – کوردی – كردي ]

دەستەی بەشی زمانی کوردی لە ماڵپەڕی ئیسلام هاوس

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز

2011 - 1432

IslamHouse.com

# ﴿عاشوراء عند أهل السنة والجماعة وعند الشيعة﴾

« باللغة الكردية »

فريق قسم اللغة الكردية بموقع دار الإسلام

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

2011 - 1432

IslamHouse.com

# جیاوازی ڕۆژی عاشورا لەنێوان شیعەکان وئەهلی سوننەت وجەماعەت

**پرسیار :** ئایا جیاوازی چیە لەنێوان ئەو عاشورایەی کە شیعەکان یادی دەکەنەوە، لەگەڵ ئەو عاشورایەی کە موسڵمانی تر بەڕۆژوو دەبن تێیایدا ؟ خوای گەورە پاداشتی خێرتان بداتەوە .

**وەڵام :** سوپاس وستایش بۆ خوای گەورە ومیهرەبان و سەڵات وسەلام بۆ سەر پێغەمبەری ئیسلام محمد المصطفى وئەهل وبەیت وهاوەڵ وشوێنکەوتوانی هەتا ڕۆژی دوایی .

ئەو عاشورایەی کە شیعەکان یادی دەکەنەوە ئەو ڕۆژەیە کە حەزرەتی حوسەینی وهاوەڵەکانی تێدا شەهید کرا لە نزیك شاری کەربەلای عێراق، کە دەکاتە دەیەم ڕۆژی مانگی موحەڕەم ساڵی ٦١ی کۆچی بەدەستی کەسانێکی ستەمکار ولەخوا نەترس، ئەویش دەرەنجامی ئەو خیانەتە بوو کە خەڵکی کوفە لەگەڵ ئیمام حوسەیندا کردیان، کاتێك بەڵێنیان پێدا ئەگەر بگاتە لایان بەیعەتی بدەنێ و بیکەن بە خەلیفەی موسڵمانان، بەڵام ئەوەبوو ئیمامی حوسەین پاش ئەوەی کە هەریەك لە عبد اللّٰه کوڕی عەباس و عبداللّٰه کوڕی عومەر وعبد اللّٰه کوڕی جعفری کوڕی أبوطالب وأبو سعیدی خدری ئامۆژگاری ئیمام حوسەینیان کرد کە بەقسەی خەڵکی کوفە هەڵنەخەڵتێت و نەڕوات بەدەم داواکەیانەوە ...

بەم بۆنەیەوە شـەیعەکانی دونیا هەموو سـاڵێك شـین وتەعزیە دەگێڕن بەپرِوای ئەوەی گوایە هەرکەسـێك شـین وتەعزیە بگێڕێت و فرمێسك بۆ حوسـەین پڕێژێت ئەوە خوای گەورە لەتەواوی گوناهەکانی خۆش دەبێت..

زیندووکردنەوەی ئەم جۆرە موناسـەباتانە لەلای ئەهلی سـوننەت بەکارێکی نەشیاو ناشـەرعی و بەبیدعەیەکی خراپ و داهێنراوی دادەنێین، چونکە نە پێغەمبەر خودا (صلى الله عليه وسـلم) ونە هاوەڵە بەڕێزەکانی بۆ مردن و شـەهید بوونی کەسـانی عەزیزان وخۆشـەویسـتانیان بەهیچ شـێوەیەك کارێکی لەو شـێوەیەیان نەکردووە و بگرە پێغەمبەری خودا (صلى الله عليه وسـلم) قەدەغەی واها کارێك دەکات وفەرموویەتی: "ليس منا من ضرب الخدود ، وشق الجيوب ، ودعا بدعوى الجاهلية" {رواه البخاري} .

واتە : لەئێمە نییە کەسـێك (لەکاتی مردنی کەسـێکیاندا) دەدەن لەڕوومەتی خۆیان، ویەخەو سـینگی خۆیان دادەدڕنن، وبە بالۆرە ولاوانەوەی سـەردەمی نەفامی هاوار دەکەن.

عاشـوراش لای ئەهلی سـوننەت وجەماعەت جیاوازە لەوەی لای شـیعەکان هەیە، عاشـورا لای ئەهلی سـوننەت بەسـەرهاتێکی تایبەتی خۆی هەیە کە بەم شـێوەیەیە .

لەفەرموودەیەکی صەحیحدا کەبوخاری و مسـلم ڕیوایەتیان کردوە لەعبد الله ی کوڕی عەباسـەوە( خوایان لێ ڕازی بێت )

کەفەرمویەتی : قدم النبي صلى الله عليه وسلم المدينة فوجد اليهود صيامًا يوم عاشوراء. فقال: "ما هذا اليوم الذي تصومونه؟" قالوا: هذا يوم أنجى الله فيه موسى وقومه، وأغرق فرعون وقومه، فصامه موسى شكراً فنحن نصومه، فقال صلى الله عليه وسلم: "نحن أحق بموسى منكم" فصامه وأمر بصيامه {البخاري (٢٠٠٤)، ومسلم (١١٣٠)}

واتە: کاتێك کە پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) کۆچی کرد بۆ شاری مەدینە جولەکەکان لەڕۆژی عاشورادا بەڕۆژوو دەبن، پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) لەجولەکەکانی پرسی ئەم ڕۆژە چیە کە تێیدا بەڕۆژوو دەبن ؟ وەڵامیان دایەوە و ووتیان : ئەمە ئەو ڕۆژەیە کە پەروەردگــار موسى و وگەلەکەی ڕزگار کرد لەدەستی فیرعەون و شوێنکەوتوانی وغەرقی ناو دەریایی کردن، جا لەشوکری ئەو نیعمەتە گەورەیەدا موسى پێغەمبەر بەڕۆژوو بوو، ئێمەش بەڕۆژوو دەبین، لەپاشاندا پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) فەرمووی : ئێمە بە موسى لەپێشترین لەئێوەی جولەکە، ئەوە بوو پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) لەڕۆژی عاشورادا بەڕۆژوو بوو فەرمانی کرد بەهاوەڵە بەڕێزەکانیش کەبەڕۆژوو ببن .

لەصەحیحی مسلم یشدا هاتووە: أن رجلاً سأل النبي صلى الله عليه وسلم عن صيام عاشوراء فقال: "أحتسب على الله أن يكفر السنة التي قبله " { مسلم (١١٦٢) من حديث عبد الله بن

معبد الزماني، عن أبي قتادة مرفوعًا مطولاً. قال البخاري في (التاريخ) (١٩٨/٥): عبد الله بن معبد الزماني لا نعرف سماعه من أبي قتادة} .

واته: پیاوێك سەبارەت بەڕۆژووی عاشورا پرسیاری کرد لەپێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) ئەویش لەوەڵامدا فەرمووی : ئومێدەوارم خوای گەورە بیکات بەمایەی سڕینەوەی گوناهی ساڵێکی پێشووتر .

لەفەرموودەیەکیشدا هاتوە کەعەبدوڵڵای کوڕی عەباس لەپێغەمبەرەوە (صلى الله عليه وسلم ) ڕیوایەتی کردوەکەفەرمویەتی : لئن بقيت إلى قابل لأصومن التاسع " } مسلم (١١٣٤)} .

واتە: ئەگەر پەروەردگار تەمەنمان بدات بۆ ســـاڵی داهاتوو ڕۆژی نۆهەمیش بەڕۆژوو دەبم ( واتەڕۆژێك پش عاشورا )

ئەمەش بۆ ئەوەیە کەئوممەتی ئیسلام پێچەوانەی جولەکەکان بن لەم کارەشدا ، چونکە پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم ) لەسەرجەم کارو عیبادەتەکاندا فەرمانی کردوە بە موسڵمانان کە هەمیشە پێچەوانی ئەهلی کتاب بن و موخالفەی ئەوان بکەن ، هەر بۆیەلێرەشدا فەرمویەتی ساڵی داهاتوو دەبێت ڕۆژی نۆهەمیش بگرم .

خوای گەورەش لەهەمووان زانا وشارەزاترە ..